ڕێکخراوی توێژینەوەو گەشەپێدان ( RDO )

منظمة الدراسات والتنمية

Research and Development Organizaiton

# چاودێریکردنی بەڵێنەکانی پەرلەمانی کوردستان

## ڕاپۆرتی ساڵی دووەم

(2019/10/1 ـ 2020/9/30)

هەولێر

## پێشەکی

لەڕۆژی (2018/9/30) هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان. دوای پەسندکردنی ئەنجامەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان، لەڕۆژی (2018/11/6) دا، یەکەم دانیشتنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو. ئێمە ڕاپۆرتی یەکەممان تایبەت بوو بەچاودێریکردنی (1) ساڵ لەتەمەنی پەرلەمانی کوردستاندا، ڕاپۆرتی دووەمیشمان تایبەتە بەچاودێریکردنی ساڵی دووەمی پەرلەمانی کوردستان.

لەڕاپۆرتی ساڵی دووەمدا، لەپاڵ چاودێری دانیشتنەکانی پەرلەمان، چاودێری ڕێژەی جێبەجێکردنی بەڵێنی هەڵبژاردنی شەش لیستی پەرلەمانمان کردووە کە بریتین لە (پارتی دیموکراتی کوردستان (45) کورسی، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (21) کورسی، بزووتنەوەی گۆڕان (12) کورسی، جووڵانەوەی نەوەی نوێ (8) کورسی، کۆمەڵی ئیسلامیی لەکوردستان (7) کورسی، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (5) کورسی).

## دانشیتنەکانی پەرلەمانی کوردستان

- دانیشتنی ژمارە (4) ی خوولی پاییزەی پەرلەمانی کوردستان لەڕۆژی (2019\10\15) تایبەت بوو بەخستنە ڕووی دیدو ڕوانگەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان.
- دانیشتنی ژمارە(5) ی خوولی پاییزە لەڕۆژی (2019\10\23) بەڕێوەچوو. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لەدوو خاڵ پێکهاتبون: خاڵی یەکەم تایبەت بوو بەخوێندنەوەی یەکەم بۆ پێنچ پێشنیازە یاساو، یەك پێشنیازە بڕیار. خاڵی دووەمیش تایبەت بوو بەخوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای (بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لەسنووری شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق).
- دانیشتنی ژمارە (6) ی خوولی پاییزە لەڕۆژی (2019\10\30) بەڕێوەچوو. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بریتی بوو لەدوو خاڵ، خاڵی یەکەم بریتی بوو لەخوێندنەوەی یەکەم بۆ دوو پێشنیازی یاسایی بەم شێوەیەی خوارەوە: یەکەم، پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان ـ عێراقدا). دووەم، پێشنیازی یاسای (ڕیکلامی بازرگانی

لەهەرێمی کوردستان ــ عێراقدا). خاڵی دووەم و کۆتایی ئەم دانیشتنەی پەرلەمان، بریتی بوو لەدەنگدان لەسەر پێشنیازی یاسای (بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لەسنوری شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان ــ عێراق) دا. دوای دەنگدان، یاساکە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

- دانیشتنی ژمارە (7) ی خوولی پاییزە لەڕۆژی (2019\11\13) بەڕێوەچوو. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە پێکهاتبوو لەدوو خاڵ، خاڵی یەکەم بریتی بوو لەخوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پێشنیازە یاساییانەی خوارەوە: یەکەم، (پێشنیازی یاسای بەرهەمە خۆماڵییەکان لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق). دووەم، پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق). سێیەم، پێشنیازی یاسای بیمەی کشتوکاڵی لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق). چوارەم، پێشنیازە بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لەهەرێمی کوردستان). خاڵی دووەمیش بریتی بوو لەدانان و ئاڵوگۆڕکردنی ژمارەیەك پەرلەمانتار لەلێژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان و، پێکهێنانی (4) لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان. خاڵی سێیەم و کۆتاییش، بریتی بوو لەخستنەڕووی بیرۆکەی هەندێك لەپەرلەمانتاران.
- دانیشتنی ژمارە(8) ی خوولی پاییزە لەڕۆژی (2019\12\4) بەڕێوەچوو. لەم دانیشتنەدا بەرنامەی کار لەچوار خاڵی سەرەکی پێکهاتبوو: خاڵی یەکەم بریتی بوو لەخستنەڕوو و دەنگدان لەسەر پێداچوونەوەی چەند ماددەو بڕگەیەك لەیاسای ژمارە(3) ی ساڵی (2019) کە یاسای (بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لەسنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لەسەرکراوە لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق) بوو، بەبڕیاری ژمارە(4) ی ساڵی (2019) سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و، لەسەر داوای وەزارەتی گەشتوگوزار گەڕێندرابۆوە بۆ پەرلەمان. خاڵی دووەم، بریتی بوو لەخوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای مادە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ ەرلەمان نێردرابوو. خاڵی سێیەم، بریتی بوو لەخستنەڕووی بیرۆکەی پەرلەمانتارێك لەبارەی بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی قوربانیانی جینۆساید. خاڵی چوارەم، بریتی بوو لەخوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای (ڕیکلامی بازرگانی لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق).

- دانیشتنی ژمارە (9) ی ئاسایی خوولی پاییزە لەڕۆژی (2019\12\10) بەئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بەڕێوەچوو. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بریتی بوو لە (3) خاڵ، بەم شێوەیەی خوارەوە: خاڵی یەکەم، بریتی بوو لەخوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای (ڕیکلامی بازرگانی لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق). خاڵی دووەم، بریتی بوو لەخوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە بڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان). خاڵی سێیەم، بریتی بوو لەقسەکردن و تاوتوێکردنی پرسی کێشەی کارەبای نیشتیمانی و سووتەمەنی لەوەرزی زستاندا.
- دانیشتنی ژمارە (10) ی خوولی پاییزە لەڕۆژی (2019\12\16) بەئامادەبوونی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بەڕێوەچوو. کارنامەی دانیشتنەکە بریتی بوو لە (3) خاڵ: خاڵی یەکەم، بریتی بوو لەخوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسای (چاکسازی لەخانەنشینی و مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازەکانیتر). خاڵی دووم، بریتی بوو لەدەنگدان بۆ پڕۆژە یاسای (ڕیکلامی بازرگانی لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق) و، بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەند کرا. خاڵی سێیەم، بریتی بوو لەخوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسای (مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق).
- دانیشتنی ژمارە (11) ی خوولی پاییزە لەڕۆژی (2019\12\18) بەڕێوەچوو. ئەم دانیشتنە تایبەت بوو بەخوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسای (مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق).
- دانیشتنی ژمارە (12) ی خوولی پاییزە لەڕۆژی (2019\12\24) بەڕێوەچوو. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لەچوار خاڵ پێکهاتبوو. خاڵی یەکەم، بریتی بوو لەخوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە بڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان). خاڵی دووەم، بریتی بوو لەدرێژ کردنەوەی خوولی پاییزەی ساڵی یەکەم لەخوولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. خاڵی سێیەم، بریتی بوو لەدەست لەکارکێشانەوەو گۆڕینی دوو ئەندام پەرلەمان لەلێژنەکاندا. خاڵی چوارەم، بریتی بوو

لەخستنەڕووی بیرۆکەی ئەندامێکی پەرلەمان سەبارەت بەسیاسەتی بەگەڕخستنی داهاتەکان لەهەرێمی کوردستاندا.

- دانیشتنی ژمارە (13) ی خوولی پاییزە لەساڵی دووەم لەڕۆژی (2020\1\12) بەڕێوەچوو. بەرنامەی کار تایبەت بوو بە: یەکەم، دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسای (مادە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان) لەهەرێمی کوردستان و، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا. دووەم، تایبەت بوو بەدەنگدان بەپێشنیازە بڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان)، ئەم یاسایەش بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا. سێیەم، خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسای (چاکسازی لەخانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشینی ئیمتیازەکانیتر). لەم دانیشتنەدا وەزیری دارایی، وەزیری ناوەخۆ، وەزیری پێشمەرگە، وەزیری شەهیدان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە بوون.
- دانیشتنی ژمارە (14) ی خوولی پاییزە لەساڵی دووەم لەڕۆژی (2020\1\13) بەڕێوەچوو. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە تایبەت بوو بە بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسای (چاکسازی لەخانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشینی ئیمتیازەکانیتر).
- دانیشتنی ژماری (15) ی خوولی پاییزە لەساڵی دووەم لەڕۆژی (2020\1\16) بەڕێوەچوو. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە تایبەت بوو بەدەنگدان بەپڕۆژە یاسای (چاکسازی لەخانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشینی ئیمتیازەکانیتر)، بەکۆی دەنگ پەسند کرا.
- دانیشتنی ژمارە (16) ی خوولی پاییزە لەساڵی دووەم لەڕۆژی (2020\1\23) بەڕێوەچوو. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بوو: یەکەم، ئامادەبوونی شاندی دانوستاندکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی خستنەڕووی ئەنجامی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لەبارەی کێشەی بودجەی ساڵی (2020) و کێشەی هەناردەکردنی نەوت و شایستە داراییەکانی هەرێم لەلای بەغدا. دووەم، خستنەڕووی بیرۆکەی پەرلەمانتار (گەلاوێژ عوبید عوسمان) پەیوەست بەدامەزراندنی

(سەنتەری ڕاوێژکاریی بۆماوەیی نیشتیمانی)، بەهۆی زۆر بوونی ڕێژەی مندالّی ناکام و نەخۆشییە بۆ ماوەییەکان.

- دانیشتنی ژمارە (17) ی خوولی پاییزە لەسالّی دووەم لەڕۆژی (2020\1\30) بەڕێوەچوو. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بریتی بوو لەخستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەبارەی کێشەی شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان لەلای حکومەتی عێراق. هەروەها ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خوولی پاییزە لەخوولی پێنجەمی هەلّبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.
- دانیشتنی ژمارە (1) خوولی بەهارەی سالّی دووەم لەڕۆژی (2020/3/1) بوو، دوای ڕێکارە پرۆتۆکۆلییەکان، (د. ڕێواز فایق) سەرۆکی پەرلەمان، وتاری دەست پێکردنەوەی خوولی کۆبوونەوەکانی بەهارەی پەرلەمانی خوێندەوە، بڕگەیەکی تری بەرنامەی کاریش بریتی بوو لەخوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای (بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغ بردنی نەوت و لێ دەرهێنراوەکانی لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق).
- دانیشتنی ژمارە (2) ی خوولی بەهارەی سالّی دووەم لەڕۆژی (2020/3/4) بەڕێوە چوو، لەم کۆبوونەوەیەدا دەنگ لەسەر یاسای (بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغ بردنی نەوت و لێ دەرهێنراوەکانی لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق) دراو بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا.
- دانیشتنی ژمارە (3) ی خوولی بەهارەی سالّی دووەم لەڕۆژی (2020/5/6) بەڕێوە چوو، بەرنامەی کار بریتی بوو لەگفتوگۆکردن لەبارەی پلانی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بەمامەلّەکردن لەگەلّ لێکەوتەکانی پەتای (کۆرۆنا) لەسەر خوێندنی سالّی (2019 ــ 2020).
- دانیشتنی ژمارە (4) ی خوولی بەهارەی سالّی دووەم لەڕۆژی (2020/5/7) بەبێ ئامادەبوونی (د. ڕێواز فایق) سەرۆکی پەرلەمان بەڕێوە چوو، وەکو نارەزایەتییەك بەرانبەر بە بەرنامەی کاری پەرلەمان کە بریتی بوو لەهەولّی هەلّگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتاران، هەروەها فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەلّی ئیسلامی و حزبی شیوعی و هەندێك پەرلەمانتاری تر، دانیشتنەکە بایکۆت کرا، بۆیە ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن (هێمن هەورامی) جێگری

سەرۆکی پەرلەمانەوە بەڕێوە چوو. ئەو پەرلەمانتارانەی نوایان خرابووە ڕوو بۆ هەڵگرتنی پارێزبەندی بریتی بوون لە: (1) ئومێد عەبدولڕەحمان خۆشناو، لەسەر داوای سەرۆکایەتی (دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك/ گەرمیان/ دادگای لێکۆڵینەوەی کەلار). (2) عەلی حەمە ساڵح لەسەر داوای سەرۆکایەتی (دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی/ دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی)، هەروەها لەسەر داوای نووسراوی سەرۆکایەتی (دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر). (3) شیرین ئەمین، لەسەر داوای سەرۆکایەتی (دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی/ دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی). (4) سۆران عومەر، لەسەر داوای سەرۆکایەتی (دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی/ دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی)، هەروەها لەسەر داوای سەرۆکایەتی (دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر/ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر). دوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەنگ لەسەر هەڵگرتنی پارێزبەندی پەرلەمانی لەسەر ئومێد خۆشناوو عەلی حەمە ساڵح و شیرین ئەمین نەدرا، بەدەنگی (57) پەرلەمانتار، پارێزبەندی پەرلەمانی لەسەر سۆران عومەر هەڵگیرا.

- دانیشتنی ژمارە (5) ی خوولی بەهارەی ساڵی دووەم لەڕۆژی (2020/6/29) بەڕێوە چوو. لەم دانیشتنەدا بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران بڕیاردرا بەدرێژکردنەوەی کۆبوونەوەکانی خوولی بەهارەی پەرلەمان بۆ ماوەی یەك مانگ لە (2020/7/1 ــ 2020/8/1).
- دانیشتنی ژمارە (6) ی خوولی بەهارەی ساڵی دووەم لەڕۆژی (2020/6/29) بەئامادەبوونی چەند وەزیرێك بەڕێوە چوو. لەم دانیشتنەدا چەند پێشنیازە یاسایەك خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کرا وەکو (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان)، بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوارو کەلەپوور لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق)، (ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق). هەروەها ڕاپۆرتی چەند لێژنەیەکیش خوێندرایەوە. یەکێك لەبڕگەکانی بەرنامەی کاریش بریتی بوو لەدەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار سۆران عومەر لەپەرلەمانی کوردستان، لەکۆی (89) ئەندامی ئامادەبوو، بە (55) دەنگ دەست لەکارکێشانەوەکەی پەسند کرا.

- دانیشتنی ژمارە (7) ی خوولی بەهارەی ساڵی دووەم لەڕۆژی (2020/7/28) بەئامادەبوونی چەند وەزیرێك لەبارەی ڕاپۆرتی لێژنەکانی پەرلەمان بەڕێوە چوو.
- دانیشتنی ژمارە (1) ی کردنەوەی خوولی پاییزەی ساڵی دووەم لەڕۆژی (2020/9/2) بەڕێوە چوو. دوای جێبەجێکردنی ڕێکارە پرۆتۆکۆلییەکان، بەرنامەی کار دەستی پێکردو بریتی بوو لەخوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای (فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق).
- دانیشتنی ژمارە (2) ی کردنەوەی خوولی پاییزەی ساڵی دووەم لەڕۆژی (2020/9/3) بەڕێوە چوو. دوای ڕێکارە پرۆتۆکۆلییەکان، گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیازە یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق) بەردەوام بوو.
- دانیشتنی ژمارە (3) ی خوولی پاییزەی ساڵی دووەم لەڕۆژی (2020/9/3) بەڕێوە چوو. لەم دانیشتنەدا ئەندامێکی تازە لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی بەناوی عومەر عەبدوللە لەجێگای سۆران عومەر کاندید کرابوو، دوای ئەوەی ئەندامێتی پەسند کرا، سوێندی یاسایی خوارد. لەم دانیشتنەشدا گفتوگۆ لەبارەی پێشنیازە یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق) بەردەوام بوو، دواتر دەنگی لەسەر درا. بەشێکی تری بەرنامەی کار، بریتی بوو لەگفتوگۆ لەبارەی هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (2020) ی تایبەت بە (بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەرو کارتێکەرە عەقڵییەکان لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق) کرا، چونکە ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە (4) لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە گێڕدرابۆوە بۆ پەرلەمانی کوردستان. دوای گفتوگۆ، هەموارکردنەکە پەسند کرا.
- دانیشتنی ژمارە (4) ی خوولی پاییزەی ساڵی دووەم لەڕۆژی (2020/9/9) بەڕێوە چوو. لەم دانیشتنەدا خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان) کرا. لەم دانیشتنەدا پەرلەمانتار د. کازم فاروق سەرۆك فراکسیۆنی نەوەی نوێ لەڕێگای خاڵی نیزامەوە پەرلەمانی ئاگادارکردەوە کە لەلایەن دوو پەرلەمانتارەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە. سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا لێژنەیەك لەحەوت پەرلەمانتار لەفراکسیۆنە جیاوازەکان دروست بکات بۆ لێکۆڵینەوە لەم تۆمەتە. ئەندامەکان بریتی بوون لە: ئیسماعیل عەلی تەها سەرۆکی لێژنەی لێکۆڵینەوە،

بژار کۆچەر، لوقمان محەممەد، ڕۆمیۆ هەکاری، ڕزگار محەممەد، ڕووپاك ئەحمەد، هیمداد سەباح وەکو ئەندامانی لیژنە. ئەم پێشنیارە بەدەنگی (79) پەرلەمانتار پەسند کراو لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکهات.

- دانیشتنی ژمارە (5) ی خوولی پاییزەی ساڵی دووەم لەڕۆژی (2020/9/15) بەڕێوە چوو. لەم دانیشتنەدا دەنگ لەسەر پێشنیازە یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق) دراو یاساکە بە (70) دەنگ پەسند کرا. هەر لەم دانیشتنەدا پەرلەمان درێژەی بەگفتوگۆدا لەبارەی پڕۆژە یاسای (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق).
- دانیشتنی ژمارە (6) ی خوولی پاییزەی ساڵی دووەم لەڕۆژی (2020/9/16) بەڕێوە چوو. ئەم دانیشتنە کە داخراو بوو، تایبەت بوو بەخوێندنەوەو گفتوگۆکردن لەبارەی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ لەبارەی ڕەوشی چاکسازییەکانی گەوران و ژنان و منداڵان لەهەرێمی کوردستان.
- دانیشتنی ژمارە (7) ی خوولی پاییزەی ساڵی دووەم لەڕۆژی (2020/9/29) بەڕێوە چوو. لەم دانیشتنەدا پەرلەمان بە (71) دەنگ، پڕۆژە یاسای (لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق) پەسند کرد.

**خوێندنەوەیەك بۆ کارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی دووەمیدا.**

1) پەسندکردنی یاسای ژمارە (3) ی ساڵی (2019) تایبەت بە (بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لەسنووری شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان ــ عێراق).
2) پەسندکردنی یاسای ژمارە (4) ی ساڵی (2019) تایبەت بە (ڕیکلامی بازرگانی لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق).
3) پەسندکردنی یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (2020) تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرو کارتێکەرە عەقڵییەکان لەهەرێمی کوردستان ــ عێراق. ئەم یاسایە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان گێڕدرایەوە بۆ پەرلەمان و هەموارکرایەوە.

4) پەسندکردنی یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2020) تایبەت بەچاکسازی لەمووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازەکان و خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق.
5) پەسندکردنی یاسای ژمارە (3) تایبەت بەڕێگریکردن لەبەقاچاغ بردنی نەوت و گاز و لێدەرهێنراوەکانی لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق.
6) پەسندکردنی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق.
7) پەسندکردنی یاسای لەئەستۆکردنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**ئەو بڕیارانەی لەماوەی ساڵی دووەم ( 2019/10/1 ــ 2020/9/30 ) دەرچوون.**

1) بڕیاری ژمارە (12) ی ساڵی (2019) بۆ هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەدانیشتنی ڕۆژی (2019/9/29) دەنگی لەسەر دراوە.
2) بڕیاری ژمارە (15) ی ساڵی (2019) بۆ درێژکردنەوەی یەك مانگ لەخوولی پاییزەی پەرلەمان لە (2019/12/31) بۆ (2020/1/31).
3) بڕیاری ژمارە (16) ی ساڵی (2019) قبووڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی دوو پەرلەمانتار لەلێژنەکانیان و گواستنەوەیان بۆ سەر لێژنەی تر.
4) بڕیاری ژمارە (1) ی ساڵی (2020) لەبارەی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق.
5) بڕیاری ژمارە (2) ی ساڵی (2020) لەبارەی قبووڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتارێك بوو لەلێژنەکەی.
6) بڕیاری ژمارە (3) ی ساڵی (2020) لەبارەی قبووڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتارێك بوو لەلێژنەکەی.
7) بڕیاری ژمارە (4) ی ساڵی (2020) لەبارەی هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتار سۆران عومەر.
8) بڕیاری ژمارە (5) ی ساڵی (2020) لەبارەی چۆنیەتی پێشکەشکردنی پێشنیازە یاساو بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە.
9) بڕیاری ژمارە (6) ی ساڵی (2020) لەبارەی کۆتایی هێنان بەخوولی بەهارەی ساڵی دووەم لەخوولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

10) بڕیاری ژمارە (7) ی ساڵی (2020) لەبارەی قبووڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی سۆران عومەر لەپەرلەمانی کوردستان.

11) بڕیاری ژمارە (8) ی ساڵی (2020) لەبارەی پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ بەدواداچوون لەبارەی هەڕەشەکردن لەپەرلەمانتار د. کازم فاروق.

**پەرلەمانی کوردستان لەساڵی دووەمیدا ( 2019/10/1 ــ 2020/9/30 ).**

1) لەماوەی نێوان (2019/10/1) هەتا وەکو (2020/9/30) کە دەکاتە ماوەی یەك ساڵی تەواو، پەرلەمانی کوردستان تەنیا (31) کۆبوونەوەی کردووە، (17) کۆبوونەوە لەوەرزی پاییزەی ساڵی یەکەم بووە، (7) کۆبوونەوە لەوەرزی بەهارەی ساڵی دووەم بووە، (7) کۆبوونەوە لەوەرزی پاییزی ساڵی دووەم بووە.

2) لەماوەی یەك ساڵ و لە (31) کۆبوونەوەدا، پەرلەمانی کوردستان تەنیا (7) یاسای پەسندکردووە.

3) لەماوەی ساڵی دووەمیدا، پەرلەمانی کوردستان (11) بڕیاری دەرکردووە. (1) بڕیاری بۆ هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ بووە. (1) بڕیار بۆ درێژکردنەوەی خوول بووە. (5) بڕیار بۆ ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆی بووە. (1) بڕیاری لەبارەی دەستنیشانکردنی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان بووە لەهەرێمی کوردستان. (1) بڕیار بۆ هەڵگرتنی پارێزبەندی بوو لەسەر پەرلەمانتار سۆران عومەر. (1) بڕیار لەبارەی قبووڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار سۆران عومەر بوو لەپەرلەمانی کوردستان. (1) بڕیاریش بۆ پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ بەدواداچوون لەبارەی هەڕەشەکردن لەپەرلەمانتار د. کازم فاروق.

4) لەساڵی دووەمیدا، پەرلەمان (2) یاسای پەسندکردووە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم ڕەتکراونەتەوەو گەڕێنراونەتەوە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی هەموار بکرێنەوە، یاساکان بریتی بوون لە: یاسای (بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی کە زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لەسنووری شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان) کە لەدانیشتنی ژمارە (6) ی خوولی پاییزە لەڕۆژی (2019\10\30) دەنگی لەسەر درابوو، لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبڕیاری ژمارە(4) ی ساڵی (2019) گەڕێندرابۆوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆیە دوای هەموارکردنەوەی ئەو بڕگانەی سەرۆکی هەرێم داوایکردبوو، لەدانیشتنی ژمارە (8) ی خوولی پاییزە لەڕۆژی (2019\12\4) دەنگی لەسەردراو پەسندکرا. هەروەها

یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (2020) ی تایبەت بە (بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەرو کارتێکەرە عەقڵییەکان لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق) کە لەدانیشتنی ژمارە (3) ی خووڵی پاییزەی ساڵی دووەم لەڕۆژی (2020/9/3) لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکرا بوو، بەبڕیاری ژمارە (4) لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان گێڕدرایەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و هەموارکرایەوە.

## هەڵسەنگاندنیك بۆ بەڵێنەکانی شەش لیستی ناو پەرلەمانی کوردستان

پڕۆژەی چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بەڵێنی لیستەکانی پەرلەمان کوردستان، بۆ ساڵی یەکەم تەنیا چوار لیستی گەورەی ناو پەرلەمانی دەگرتەوە، کە بریتی بوون لەپارتی دیموکراتی کوردستان (45) کورسی، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (21) کورسی، بزووتنەوەی گۆڕان (12) کورسی، نەوەی نوێ (8) کورسی ـ هەر چەندە کۆمەڵێك کێشەی ناوخۆییان هەیەو هەندێك لەئەندامانیان بانگەشەی جیابوونەوە لەم فراکسیۆنە دەکەن. لەساڵی دووەمدا، جگە لەم چوار لیستە، ئێمە هەڵسەنگاندن بۆ هەر دوو لیستی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی لەکوردستان (7) کورسی و، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان خاوەنی (5) کورسیش دەکەین. لێرە لەخوارەوە، ڕێژەو ڕادەی جێبەجێکردنی بەڵێنی لیستەکان لەماوەی ساڵی دووەمی پەرلەمان، دەخەینە ڕوو. دواتر کۆی گشتی ڕادەی جێەجێکردنی بەڵێنەکان لەماوەی هەر دوو ساڵی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەم شەش لیستە دەخەینە ڕوو.

### یەکەم: لیستی ژمارە ( 183 ) ی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەرنامەی لیستی پارتی لە (10) بەش پێکهاتووەو لەکۆی گشتیدا بریتییە لە (60) بەڵێن، هەر بەشێك دابەش دەبێتە سەر چەندین تەوەرو سێکتەری جیاواز، بەجۆرێك بەرنامەکە ئەوەندە فراوانە، ئەوەندە بەڵێنی هەڵبژاردنی تێدایە، هەندێکیان جێبەجێکردنیان ئەستەمەو، هەندێکی تریشیان هیچ پێوەندی بەپەرلەمانی کوردستانەوە نییە.

بەشی یەکەمی بەرنامەی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان (10) بەڵێنی هەڵبژاردن لەخۆ دەگرێت. بەشی دووەم (11) بەڵێنی تێدایە، بەشی سێیەمیش (8) بەڵێن، بەشی چوارم (3) بەڵێن، بەشی پێنجەم (4) بەڵێن، بەشی شەشەم (5) بەڵێن، بەشی حەوتەم (5) بەڵێن، بەشی

هەشتەم (6) بەڵێن، بەشی نۆییەم (4) بەڵێن و بەشی دەیەم (4) بەڵێن لەخۆ دەگرێت. کۆی بەڵێنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دەنگدەرانی، بریتییە لە (60) بەڵێنی هەڵبژاردن کە پێویست دەکات لەماوەی چوار ساڵی خوولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا جێبەجێیان بکات.

بەشێك لەم بەڵێنانە بەشێکن لەکاری حکومەت، وەکو دەزانین جیاوازی هەیە لەنێوان بەڵێنەکانی هەڵبژاردن کە لیستەکان بەدەنگدەری خۆیانی دەدەن، لەگەڵ بەرنامەی کاری حکومەت کە لەلایەن هاوپەیمانی حکومییەوە پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان کراوە. بۆ نموونە، بەشێك لەبەڵێنەکانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، بریتییە لەمانەی خوارەوە:

- "جێبەجێکردنی مادەی (140) ی دەستوورو پێداگیری لەسەر گەڕاندنەوەی هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و دیاریکردنی سنووری کوردستان و کۆتاییهێنان بەدواخستن و خۆدزینەوە لەجێبەجێکردنی".
- "ڕێکخستنی نوێنەرایەتی و پەیوەندییەکان و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فیدرالی لەچوارچێوەی دەستووردا".
- "کارکردن بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئاوارەکان بەگشتی و باشترکردنی باروگوزەرانیان. هاوکات هەوڵدان و هاوکاری لەگەڵ حکومەتی فیدرالی بۆ دابینکردنی سەقامگیریی لەناوچەکانیان بەمەبەستی گەڕانەوەیەکی شەرافەتمەندانەو سەربەرزانەو ژیانێکی ئاسوودە".

ئەم سێ خاڵە نموونەی زۆر بچووکن لەبارەی گشتگیری بەڵێنەکان و ئەستەمی جێبەجێکردنیان، چونکە پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییەو بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆیە ئەو بەڵێنانەی لیستی (183) ی پارتی بەدەنگدەرانی خۆیانیانداوە، بەشێکن لەکارنامەی حکومەت و پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییەو لەپەرلەمانیش جێبەجێ ناکرێن. جگە لەم تێبینییانە لەبارەی بەڵێنەکان، لەساڵی دووەمی کاری خۆیاندا، لیستی پارتی تەنیا دوو (2) بەڵێنیان جێبەجێکردووە کە بریتین لەمانەوەی خوارەوە:

1) (سیستەمی مووچەو خانەنیشینی و هەموو جۆرە ئیمتیازاتێکی ماددی لەسەر بنەمایەکی شەفاف دابڕێژرێنەوە کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەدیبێنێ). ئەم بەڵێنە لەنێو یاسای چاکسازیدا جێبەجێکراوە.

2) (داکۆکیکردن لەمافە سیاسی و کارگێڕی و کولتوورییەکانی تورکمان و کلدان سریان ئاشوورو ئەرمەن، هەروەها مافی کوردانی ئێزدی و فەیلی و، کارکردن بۆ دەستەبەرکردنیان). بەشێك لەم بەڵێنە کە تایبەتە بەتورکمان، لەنێو بڕیاری دەستنیشانکردنی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان جێبەجێکراوە.

## دووەم: لیستی ژمارە ( 105 ) ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان (183) بەڵێنی بەدەنگدەرانی خۆیداوەو کارنامەکە لە (5) بەش پێکهاتووە، هەر بەشێك دابەش دەبێتە سەر چەندین مادەو سێکتەری جیاواز، بەرنامەکە ئەوەندە فراوانەو ئەوەندە بەڵێنی هەڵبژاردنی تێدایە، هەندێکیان جێبەجێکردنیان ئەستەمەو، هەندێکی تریشیان هیچ پێوەندی بەکاری پەرلەمانییەوە نییە.

بەڵێنەکانی یەکێتی لەپێشەکییەکی (9) خاڵی پێکدێت، ئینجا بەشی یەکەم (17) بەڵێن، بەشی دووەم (9) بەڵێن، بەشی سێیەم (33) بەڵێن، بەشی چوارەم (80) بەڵێن، بەشی پێنجەم (35) بەڵێن، لەخۆ دەگرێت. وەکو سەرجەم لیستەکانی تریش، بەشێك لەبەڵێنەکانی یەکێتی نیشتیمانی، جگە لەوەی بەڵێنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نین، بەرنامەو کاری ڕۆژانەو ئاسایی حکومەتن، یا پرۆگرامی حکومەتن و دەبێت حکومەت جێبەجێیان بکات، یا تەنانەت بەحکومەتیش هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ ناکرێن، نەوەکو پەرلەمان. بۆ نموونە:

ـ کارکردن بۆ دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان، بەجێبەجێکردنی مادەی (140) ی دەستووری عێراقی فیدراڵ.

ـ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لەعێراق و هەرێمی کوردستان.

ـ دەسپێکردنەوەی بڕیاری پێدانی سولفەی عەقار.

ئەم سێ خاڵە، نموونەیەکی بچووکن لەبارەی گشتگیری بەڵێنەکان و ئەستەمی جێبەجێکردنیان، چونکە پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییەو بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراق و حکومەتی

هەرێمی کوردستانە. جگە لەم تێبینییانە لەبارەی بەڵێنەکان، دەبینین لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەساڵی دووەمی کاری پەرلەماندا تەنیا (4) بەڵێنی جێبەجێکردووە، ئەمەش لەمیانەی پەسندکردنی دوو یاسادا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1) بەڵێنی ژمارە (4) لەنێو بەڵێنەکانی تایبەت بەکەرتی دارایی و بانکی کە جەخت لەوە دەکاتەوە (ڕێکخستن و یەکخستنەوەی مووچەو کەمکردنەوەی جیاوازی مووچەی نێوان پلە باڵاکان و فەرمانبەران). ئەم بەڵێنە لەنێو یاسای چاکسازیدا جێبەجێکراوە.
2) بەڵێنی ژمارە (5) لەنێو بەڵێنەکانی تایبەت بەکەرتی دارایی و بانکی کە جەخت لەوە دەکاتەوە (پشتیوانیکردن لەهەر پرۆژەیەکی چاکسازی کە لەبەرژەوەندی گشتیدا بێت). ئەم بەڵێنەش لەنێو یاسای چاکسازیدا جێبەجێکراوە.
3) بەڵێنی ژمارە (3) لەنێو بەڵێنەکانی تایبەت بەکەرتی تەندروستی کە جەخت لەوە دەکاتەوە (کارکردن بۆ دەرکردنی یاسای پاراستنی مافی نەخۆش). ئەم بەڵێنە لەنێو یاسای پاراستنی مافی نەخۆشدا جێبەجێکراوە.
4) بەڵێنی ژمارە (1) لەنێو بەڵێنەکانی تایبەت بەخانەنشینان کە جەخت دەکاتەوە لەسەر (هەموارکردنەوەی یاسای خزمەت و خانەنشینی پلە تایبەتەکان و ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکان، بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی مووچەی نێوانیان لەگەڵ فەرمانبەران). ئەم بەڵێنە لەنێو یاسای چاکسازیدا جێبەجێکراوە.

### سێیەم: لیستی ژمارە (148) ی بزووتنەوەی گۆڕان.

بەرنامەی لیستی بزوتنەوەی گۆڕان لە (4) تەوەر پێکهاتووەو لەکۆی گشتیدا (228) بەڵێن لەخۆ دەگرێت، هەر تەوەرێك دابەش دەبێتە سەر کۆمەڵێك بەش و سێکتەری جیاواز، بەجۆرێك بەرنامەکە ئەوەندە فراوانە، ئەوەندە بەڵێنی هەڵبژاردنی تێدایە، هەندێکیان جێبەجێکردنیان ئەستەمەو، هەندێکی تریشیان هیچ پێوەندی بەکاری پەرلەمانی کوردستانەوە نییە. لەتەوەری یەکەمدا (33) بەڵێنی هەڵبژاردنی بەدەنگدەرانی خۆیداوەو، لەتەوەری دووەمیشدا (72) بەڵێن هەیەو، لەتەوەری سێیەمیشدا (56) بەڵێن دراوەو لەتەوەری چوارەمیشدا (67) بەڵێنی هەڵبژاردن لەخۆ دەگرێت. بەم شێوەیە کۆی گشتی بەڵێنەکانی لیستی (148) ی بزوتنەوەی

گۆڕان، دەگاتە (228) بەڵێن، بەزۆرترین بەڵێنی هەڵبژاردنی نێو چوار لیستە سەرەکییەکەی پەرلەمان دادەنرێت.

بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی لیستی بزوتنەوەی گۆڕانیش هەر وەکو بەڵێنەکانی لیستی پارتی و یەکێتی، بەشێکی زۆری ئەم بەڵێنانە، یا پێوەندییان بەپەرلەمانی کوردستانەوە نییە، بەو مانایەی بەڵێن نین بۆ دانانی یاسایەکی پەرلەمانی، یا دەرکردنی بڕیارێکی پەرلەمانی، بەڵکو بەشێکن لەکاری حکومەت. بۆ نموونە، بەشێك لەبەڵێنەکانی لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، بریتییە لەمانەی خوارەوە:

- "پێداگیری لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەپێی ستراتیژییەکی نیشتیمانی و بەپشتبەستن بەدەستوورو بەڵگەنامەو ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان، بەتایبەت پرسی کەرکوك و چارەسەرکردنی بەگوێرەی مادەی (140) ی دەستووری عێراق".
- "دامەزراندنی دەستەیەك بۆ گێڕانەوەی ئەو پارانەی بەنایاسایی براونەتە دەرەوەی هەرێم".
- "لەماوەی یەك مانگدا خاوەندارێتی هەردوو پاڵاوگەی بازییان و کەڵەکە بدرێتەوە بەحکومەتی هەرێم".
- "سپاردنی پرسی پەسندکردنی بودجە بەپەرلەمان ...".

ئەم چوار خاڵە، نموونەی زۆر بچووکن لەبارەی گشتگیری بەڵێنەکان و جێبەجێ نەکردنیان، چونکە بەشێکیان پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییەو بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پرسی بودجەش تا ئێستا دوای دوو ساڵ لەهەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەگەرچی وەزیری دارایی گۆڕانیشە، بەڵام نەهاتۆتە پەرلەمان. بۆیە بەشێکی زۆر لەو بەڵێنانەی لیستی (148) ی بزوتنەوەی گۆڕان داویانەتە دەنگدەرانیان، بەشێکن لەکارنامەی حکومەت و پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵێنەکانی لیستی گۆڕان لەهەندێك خاڵدا، نزیکن لەوەی بەڵێنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بن، چونکە جەخت دەکەنە سەر داڕشتنی یاسای تازە، یا هەموارکردنەوەی هەندێك یاسای پێشتر، ئەوەش بنەمای سەرەکی کاری پەرلەمانییە. جگە لەم تێبینییانە لەبارەی بەڵێنەکان، لەساڵی دووەمدا لیستی گۆڕان تەنیا (2) بەڵێنی خۆیان جێبەجێکردووە کە بریتین لە:

1) (هەڵوەشاندنەوەی یان هەموارکردنی هەموو ئەو یاساو ڕێنمایی و بڕیارە تایبەتانەی پەیوەندیدارن بەسیستەمی مووچە، خانەنشینی و ئیمتیازی بەرپرس و وەزیرو پەرلەمانتاران، بەجۆرێك دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێدا فەراهەم بێت). بەشێك لەم بەڵێنە لەنێو یاسای چاکسازیدا جێبەجێکراوە.

2) (چارەسەرکردنی قەیرانی بیرۆکراتی و پلەبەندیی لەنێوەندە تەندروستییەکاندا، بەجۆرێك کەشێکی دادپەروەرانە لەناو نەخۆشخانەکان لەنێکوان پزیشك و بەرپرس، پزیشك و کارمەند، کادیری تەندروستی و نەخۆشدا بێتە ئاراوە). بەشێك لەم بەڵێنە لەنێو یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش جێبەجێکراوە.

## چوارەم: لیستی ژمارە (134) ی نەوەی نوێ.

نەوەی نوێ (50) بەڵێنی بەدەنگدەرانی خۆیداوە، وەکو سەرجەم لیستەکانی تریش، بەشێکی زۆری بەڵێنەکانی جووڵانەوەی نەوی نوێ، جگە لەوەی بەڵێنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نین، بەرنامەو کاری ڕۆژانەو ئاسایی حکومەتن، یا پرۆگرامی حکومەتن و دەبێت حکومەت جێبەجێیان بکات، هەندێك لەم بەڵێنانە بەحکومەتیش جێبەجێ ناکرێن، نەوەکو پەرلەمان. لەکاتێکدا جووڵانەوەی نەوەی نوێ خۆی بەئۆپۆزسیۆن دەزانێت و بەشداریش نییە لەحکومەت تاوەکو ئیشیان لەسەر بکات، بۆ نموونە:

- ڕەخساندنی سەدو پەنجا (150,000) هەزار هەلی کاری نوێ.
- دروستکردنی سەد هەزار (100,000) یەکەی نیشتەجێبوون.
- دروستکردنی (20) بەنداو لەهەرێمی کوردستان.
- دروستکردنی 20 نەخۆشخانەی 200 قەرەوێڵەیی.
- دروستکردنی سێ پاڵاوگەی نوێ لەهەرێمی کوردستان.
- دامەزراندنی سێ بانکی ئەهلی گەورە لەهەرێمی کوردستان.
- بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ بۆ 10 ئەوەندە.

ئەم خاڵانەمان تەنیا وەکو نموونەیەك لەنێو بەڵێنەکانی لیستی نەوەی نوێ دەرهێناوە، ئەگینا بەڵێنی لەم شێوەیەی زۆری تێدایە پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییە. بەگشتی لیستی

نەوەی نویٚ لەماوەی ساڵی ڕابردووی کارەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، هیچ یەکێك لەم (50) بەڵێنەی جێبەجیٚ نەکردووە کە بەدەنگدەرانی خۆی داوە.

## پیێنجەم: لیستی ژمارە ( 194 ) ی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.

کۆمەڵی ئیسلامی بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی دابەشکردۆتە سەر (7) تەوەر، هەر تەوەرێك کۆمەڵێك بەڵێنی هەڵبژاردن لەخۆ دەگرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە: سیاسی (9) بەڵێن، یاسایی (7) بەڵێن، ئابووری و خۆشگوزەرانی (13) بەڵێن، ئایینی (7) بەڵێن، پەروەردەو فێرکردن (11) بەڵێن، کۆمەڵایەتی (11) بەڵێن، شەفافییەت و دادگەری (11) بەڵێن.

وەکو سەرجەم لیستەکانی تریش، بەشێك لەبەڵێنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی، جگە لەوەی بەڵێنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نین، بەرنامەو کاری ڕۆژانەو ئاسایی حکومەتن، یا پرۆگرامی حکومەتن و دەبێت حکومەت جێبەجێیان بکات، یا تەنانەت بەحکومەتیش هەرێمی کوردستانیش جێبەجیٚ ناکرێن، نەوەکو پەرلەمان، لەکاتێکدا کۆمەڵی ئیسلامی خۆی بەئۆپۆزسیۆن دادەنێت و بەشداریش نییە لەحکومەت، بۆ نموونە:

- ڕێگریکردن لەتالانفرۆشی نەوتی خاوو بەرهەمەکانی و دەرهێنانی لەدەستی کەس و حزب.
- پەرەپێدان و پاراستنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگە، لەڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکانی وەکو خێزان، میدیا، مزگەوت، قوتابخانەو ڕێکخراوو یانەکانەوە، هەروەها گرنگیدان بەو هۆکارو شێوازانەی دەتوانن ڕۆڵی گەورە ببینن لەچەسپاندن و پەرەپێدانی ئاکارو ڕەوشتی ئیسلامی.
- کردنەوەی شوێنی تایبەت بەنوێژکردن لەفەرمانگەو شوێنە گشتییەکان.

ئەم سیٚ خاڵەمان تەنیا وەکو نموونەیەك لەنێو بەڵێنەکانی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی دەرهێناوە، ئەگینا بەڵێنی لەم شێوەیەی زۆری تێدایە، نموونەیەکی بچووکن لەبارەی گشتگیری بەڵێنەکان و ئەستەمی جێبەجێکردنیان لەنێو هۆڵی پەرلەماندا، چونکە پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییە. بەشێکی زۆری بەڵێنەکانی لیستی کۆمەڵ، بەشێکن لەکارنامەی حکومەت، نەوەکو پەرلەمان. بەگشتی کۆمەڵی ئیسلامیی (69) بەڵێنی بەدەنگدەرانی خۆیداوە، لەماوەی یەك ساڵی ڕابردووی کارەکانی پەرلەمانی کوردستاندا تەنیا (2) بەڵێنی خۆی جێبەجیٚ کردووە:

1) (کردنەوەی شوێنی تایبەت بەچارەسەری ئالوودەبووان بەمادە هۆشبەرەکان و سەر لەنویێ گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە). کە بەژمارە (10) لەنێو بەڵێنە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە.

2) نیوەی ئەم بەڵێنەیان جێبەجێکراوە (بەرکارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق و بەرزکردنەوەی کەمترین مووچەی خانەنشینی و کەمکردنەوەی مووچەی پلە باڵاکان و هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی نا یاسایی سەربازی و مەدەنی) کە بەژمارە (8) لەنێو بەڵێنەکانی تایبەت بەشەفافییەت و دادگەریدا ئاماژەی بۆ کراوە. لیستی کۆمەڵ نەیتوانیوە نیوەی یەکەمی ئەم بەڵێنە جێبەجێ بکات، بەڵام نیوەی دووەمی لەنێو یاسای چاکسازیدا چەسپێنراوە.

## شەشەم: لیستی ژمارە ( 119 ) ی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

یەکگرتووی ئیسلامی بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی دابەشکردۆتە سەر (11) تەوەرو (127) بەڵێنی بەدەنگدەرانی داوە. هەر تەوەرێك کۆمەڵێك بەڵێنی هەڵبژاردن لەخۆ دەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە: حوکمڕانی ڕەشید (7) بەڵێن، دژایەتیکردنی گەندەڵی (6) بەڵێن، پێگەی هەرێمی کوردستان (9) بەڵێن، گەشەپێدانی ئابووری (37) بەڵێن، خزمەتگوزارییە گشتییەکان (19) بەڵێن، ئاسایش و ئاشتی کۆمەڵایەتی (8) بەڵێن، ڕۆشنبیری و هونەرو وەرزش (9) بەڵێن، چاودێری کۆمەڵایەتی (9) بەڵێن، ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان (5) بەڵێن، ڕۆڵ و پێگەی گەنجان (8) بەڵێن، پاراستنی ژینگە (5) بەڵێن.

بەشێك لەبەڵێنەکانی یەکگرتووی ئیسلامیش هەر وەکو حزبەکانی تر جگە لەوەی بەڵێنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نین، بەرنامەو کاری ڕۆژانەو ئاسایی حکومەتن، یا پرۆگرامی حکومەتن و دەبێت حکومەت جێبەجێیان بکات، یا تەنانەت بەحکومەتی هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ ناکرێن، نەوەکو پەرلەمان، بۆ نموونە:

- دامەزراندنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەنێوان گەلی کوردستان و گەلانی دراوسێ و ناوچەکە، بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری سیاسی نێوانمان و دۆزینەوەی فۆرمی نوێی پێکەوە ژیان لەسەر بنەمای ڕێزو بەرژەوەندی هاوبەش.

- چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکان و گێڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی مادەی (140) ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا.
- دروستکردنی ژمارەیەك بەنداوی گەورەو بچووك.
- گەیاندنی گازی سروشتی بەمالاّن و شوێنە گشتییەکان.
- دروستکردنی یاریگاو کۆمەڵگەی وەرزشی.

ئەم پێنج خاڵەمان تەنیا وەکو نموونەیەك لەنێو بەڵێنەکانی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیمان دەرهێناوە، ئەگینا بەڵێنی لەم شێوەیەی زۆری تێدایە، ئەمانە نموونەیەکی بچووکن لەبارەی گشتگیری بەڵێنەکان و ئەستەمی جێبەجێکردنیان لەنێو هۆڵی پەرلەماندا، چونکە پێوەندییان بەکاری پەرلەمانییەوە نییە. بەشێکی زۆری بەڵێنەکانی لیستی یەکگرتوو، بەشێکن لەکارنامەی حکومەت، نەوەکو پەرلەمان، لەکاتێکدا یەکگرتوو خۆی بەئۆپۆزسیۆن دەزانێت و بەشدار نییە لەحکومەت و ناتوانێت جێبەجێیان بکات. بەشێك لەبەڵێنەکانیش، بەڵێنی پەرلەمانین و دەکرێت لەپەرلەماندا کاریان لەسەر بکرێت و جێبەجێ بکرێن، ئێمەش چاودێری ڕادەو ڕێژەی جێبەجێکردنیان دەکەین.

لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کە (127) بەڵێنی بەدەنگدەرانی خۆیداوە، لەماوەی ساڵی ڕابردووی کارەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، تەنیا یەك (1) بەڵێنی جێبەجێ کردووە کە بریتی بوو لە:

1) (پێداچوونەوە بەسیستەمی مووچە بەجۆرێك دادپەروەری دەستەبەر بکات لەنێوان مووچەی پلە بالاّکان و مووچەی فەرمانبەرانی ئاسایی). ئەم بەڵێنە لەناو یاسای چاکسازیدا جێبەجێکراوە.

**هەڵسانگاندنی دوو ساڵی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان** ( 2018/10/1 ــ 2020/9/30 ).

ـ لەماوەی دوو ساڵی تەمەنیدا، پەرلەمانی کوردستان (48) دانیشتنی کردووە.

ـ بەتەواو بوونی دوو سالّ لەتەمەنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، تەنیا (9) یاسا پەسند کراوە. (2) یاسا لەساڵی یەکەم، (7) یاسا لەساڵی دووەم.

ـ لەکۆی (9) یاسای پەسندکراودا، سەرۆکی هەرێم (2) یاسای گێڕاوەتەوە بۆ پەرلەمان تاوەکو هەموار بکرێنەوە.

ـ لەماوەی دوو ساڵدا پەرلەمانی کوردستان (22) بڕیاری دەرکردووە، ساڵی یەکەم (11) بڕیاری دەرکردووەو ساڵی دووەمیش (11) بڕیار. (17) بڕیار بۆ ڕێکخستنی کاروباری خۆی و دانانی لێژنەکان و متمانەدان بەئەندامی تازە لەجێگای ئەوانەی دەستیان لەکارکێشاوەتەوەو، هەڵبژاردنی سەرۆکی تازەی پەرلەمان لەجێگای سەرۆکی پێشوو، درێژکردنەوەی خوول، هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، ناوزەدکردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و متمانەپێدانی بوون. (1) بڕیاری تایبەت بوو بەدەستنیشانکردنی ڕۆژی جینۆسایدی ئێزدییەکان. (1) بڕیاری لەبارەی دەستنیشانکردنی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان بووە لەهەرێمی کوردستان. (1) بڕیار بۆ هەڵگرتنی پارێزبەندی بوو لەسەر پەرلەمانتار سۆران عومەر. (1) بڕیار لەبارەی قبووڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار سۆران عومەر بوو لەپەرلەمانی کوردستان. (1) بڕیاریش بۆ پێکهێنانی لێژنەیەك بوو بۆ بەدواداچوون لەبارەی هەڕەشەکردن لەپەرلەمانتار د. کازم فاروق.

ـ سەبارەت بە بەڵێنی لیستەکان لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا، بەم شێوەیە بوو: پارتی تەنیا (2) بەڵێنی جێبەجێکردووە. یەکێتی تەنیا (5) بەڵێنی جێبەجێکردووە. گۆڕان تەنیا (2) بەڵێنی جێبەجێکردووە. نەوەی نوێ هیچ بەڵێنێکیان جێبەجێ نەکردووە. کۆمەڵی ئیسلامی تەنیا (2) بەڵێنی جێبەجێکردووە. یەکگرتووی ئیسلامی تەنیا (1) بەڵێنی جێبەجێکردووە.

کۆتایی

## لەبارەی ڕێکخراوی توێژینەوەو گەشە پێدانەوە ( RDO )

ڕێکخراوێکی ناوخۆیی سەربەخۆی نا حکومییە، ئیش لەسەر توێژینەوەو گەشەپێدان لەهەرێمی کوردستان دەکات و، لەساڵی (2011) دامەزراوەو، تا ئێستا ئەم چالاکییانەی خوارەوەی ئەنجامداوە:

- ڕاپرسی لەشارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ حکومەتی هەرێم بەسەرۆکایەتی د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوینی ساڵی (2011).

- ڕاپرسی دووەم لەشارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ حکومەتی هەرێم بەسەرۆکایەتی د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەتای ساڵی (2012).
- پرۆژەی ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسانی گەنج لەشاری هەولێر بۆ ماوەی یەك هەفتە، بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی (گەیاندن) و هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (2012).
- پرۆژەی تواناسازی سەرکردەی گەنجی ژنان بەهاوکاری ڕێکخراوی (گەیاندن) لەشاری هەولێر ساڵی (2012).
- چاودێریکردنی پرۆژە بڕیاری (1) ی ساڵی (2012) کە ناسراوە بەبڕیاری (17) خاڵی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی (2012 ـ 2013)، بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED) ی ئەمریکی.
- پرۆژەی چاودێرکردنی بەڵێنی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی (2013).
- جێبەجێکردنی پرۆژەی لێکۆڵینەوەو گەشەپێدانی کچانی تەمەن (12 ـ 16) ساڵ، بەهاوبەشی (ICDW) و بەپاڵپشتی فەرمانگەی ڕێکخراوەکان لەکوردستان لەساڵی (2013 ـ 2014).
- جێبەجێکردنی تواناسازی کچانی ئێزیدی لەبواری فۆتۆگرافی لەکەمپی خانکێی شاری دهۆك، بەپاڵپشتی (UNICEF) و حکومەتی ئیتالی لەساڵی (2015).
- بەشداریکردن وەکو چاودێری نێودەولەتی لەهەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لەوڵاتی تونس ساڵی (2015).
- جێبەجێکردنی پرۆژەی تواناسازی میدیایی کچانی ئێزیدی و دۆکیۆمێنتکردنی پرۆژەی بونیادنانی ئاشتی لەنەینەوا بەهاوکاری (UNDP) و (UPP) لەساڵی (2016).
- جێبەجێکردنی (3) وۆرکشۆپ و (5) پێشانگای فۆتۆگرافی بۆ کچانی ئێزیدی لەزانکۆی ئەمریکی لەسلێمانی و فەرەنساو لەئیتالیا، بەهاوکاری (UNICEF) لەساڵی (2016 ـ 2017) دا.
- جێبەجێکردنی وۆرکشۆپ و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی دەرهاویشتە سیاسییەکانی ڕیفراندۆم لەسەر هەرێمی کوردستان، پێشهات و دەرفەت و ئاستەنگەکان و،

ناردنی بۆ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم لەهاوینی ساڵی (2017) لەشاری سلێمانی، بەهاوکاری ڕێکخراوی (PAO).

- جێبەجێکردنی وۆرکشۆپ و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی دەرهاویشتە ئابوورییەکانی ڕیفراندۆم لەسەر هەرێمی کوردستان، پێشهات و دەرفەت و ئاستەنگەکان و، ناردنی بۆ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم لەهاوینی ساڵی (2017) لەشاری سلێمانی، بەهاوکاری ڕێکخراوی (PAO).
- بەشداریکردن لەچاودێریکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕیفراندۆم لەهەرێمی کوردستان ساڵی (2017)، لەچوارچێوەی تۆڕی شەمس بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان.
- بەشداریکردن لەچاودێریکردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەهەرێمی کوردستاندا لە (2018/5/12) دا، لەچوارچێوەی تۆڕی شەمس بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان.
- بەشداریکردن لەچاودێریکردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەهەرێمی کوردستاندا لە (2018/9/30) دا، لەچوارچێوەی تۆڕی شەمس بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان.
- نووسینی لێکۆڵینەوەیەك بەزمانی عەرەبی بۆ (تۆڕی هاوپەیمانی کەمینەکان لەعێراقدا) لەبارەی ئایینی زەردەشتی لەساڵی (2018).
- ئەنجامدانی ڕاپرسییەك لە (29) چاکسازی لە (11) شاری عێراق و، نووسینی لێکۆڵینەوەیەك بەزمانی عەرەبی بۆ (تۆڕی دادپەروەری بۆ بەندییەکان لەعێراق)، لەبارەی گەڕانەوە بۆ سەر تاوان لەعێراقدا لەساڵی (2018).
- ئامادەکردنی ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی دەرهاویشتە ساسییەکانی بەشداری نەکردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەهەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانداو، ناردنی بۆ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم لەساڵی (2019)، بەهاوکاری ڕێکخراوی (PAO).
- ئەنجامدانی ڕاپرسییەك لەنێو چاکسازییەکان و، نووسینی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ئالوودە بوون بەمادەی هۆشبەر لەهەرێمی کوردستان و چاپکردنی وەکو کتێبێك لەساڵی (2019)، بەهاوکاری ڕێکخراوی (PAO).

- چاودێریکردنی ڕادەی جێبەجێکردنی بەڵێنی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی (2019).
- چاودێریکردنی ڕادەی جێبەجێکردنی بەڵێنی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی خوولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی (2020).